## یونس شوکر یاریزانی پێشووی تۆپی پێی یانەی زاخۆ

# هەتا قەیرانی دارایی نەهات، گرنگـــــــــــ

**یونس شـــوکر یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شـــاری کەرکووکە و بگرە لەسەر ئاســـتی عێراقیش لە خولەکانی عێراق و کوردســـتان بە یەکێك لە هێرشـــبەرە ترسناکەکان دەژمێردرێت. یونس ماوەی ســـێ وەرزە لە ریزی یانەی زاخۆ یاری دەکات و لە هەردوو خولی عێراق و کوردســـتان ئاســـتی شایستەی پێشـــکەش کردووە، چەندین جار بە گۆڵە جوانەکانی سەرنجی تیپەکانی تری بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ئەو پێشووتر بۆ ریزی هەریەك لە یانەکانی کەرکووك و هەولێرو تەڵەبە و شورتە و زاخۆ و هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق یاری کردووە، ئەمســـاڵیش ســـەرەرای ئەوەی چەندین گرێبەستی پێشکەش کرابوو، بەڵام بە هۆکاری خێزانی گەڕایەوە زێدی خۆی کە شاری کەرکووکە و لەگەڵ یانەی گازی باکوور گرێبەستی مۆرکرد. یونس لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٣ی شاری کەرکووکە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

*** دوای چەندین ساڵ یاریکردن لەگەڵ یانەی زاخۆ، کە زۆر جار فریادڕەســـی یانەکە بوویت لە تۆمارکردنی گۆڵ، چۆن بوو ریزی ئەو یانەیەت جێهێشت؟**

- بەڵێ زۆر ڕاســـتە، من زۆر جار گۆڵی یەکسان بوون، یان ســـەرکەوتنم بۆ یانەی زاخۆ تۆمارکـــردوە لە هەردوو خولی عێراق و کوردســـتان، لەم وەرزشە ١٧گۆڵم بۆ یانەکە تۆمارکردووە، بەڵام هۆکاری سەرەکیم بۆ جێهێشتنی یانەکە، خێزانی بوو، لەبەر ئەوەی خانەوادەکەشـــم زۆر پێویستیان بە من بوو. بۆیە ئەم بڕیارەم دا. یانەی زاخۆش دەستبەرداری من نەبووە تاکو ئێســـتا، هەرکاتێك حەزم لێ بێت بۆ یانەی زاخـــۆ دەگەڕێمەوە، بەڵام کە هۆکارەکەی خێزانی بێت ئەوە شتێکی ترە.

*** بیســـتوومانە گرێبەستی باشـــت بۆ هاتبوو لە لایەن یانەکانی شـــاری بەغداو باشـــووری عێراق بۆچی لەگەڵ ئەوان رێکنەکەوتی؟**

- بەڵێ هەتا ئێســـتاش پێم دەڵێن لـــە یانەکانی بەغدا و باشووری عێراقیش گرێبەســـتم پێشکەش کراوە، بەڵام من بڕیاری ئەوەم نەداوە بچمە ئەوێ بژیم.

*** بۆچی لەگەڵ هەولێر نەگەیشتیتە رێککەوتن؟**

- لەگەڵ یانەی هەولێر هیچ کێشەیەکم نەبوو، بەڵام ئەوان یاریزانـــی کوردیان بە هەرزان دەوێـــت منیش لەم یاریزانانە نەبـــووم کە خۆم هەرزانفرۆش بکەم، مـــن خۆم پێوەندیم بە یانەی هەولێر کردو ئەوانیش دەڵێـــن بەتەنیا مووچەوە وەرە یاری بکە منیش ڕەتم کردەوە.

*** تەنیا بـــۆ پارە چوویتە یانـــەی گازی باکوور، بڕی گرێبەستەکەت چەندە؟**

- نەخێر، پارە دوایین شـــتە کە مـــن بیری لێ بکەمەوە، بەڵام ئەوە پیشـــەی منە و هەموو یاریزانێك قەدری خۆی دەزانێت، لەگەڵ گازی باکووریش گرێبەستەکەم زۆر باشە لە خوا بەزیاد بێت.

*** ئەی بۆچی نەگەڕایتەوە یانەی کەرکووك کە ئێستا لە قەیرانی دارایە، کەچی تۆ لەوێ پێگەیشتی؟**

- زۆر ڕاســـتە دەبێت بگەڕێمەوە یانەی کەرکووك، بەڵام ئەوان زۆر کێشـــەیان هەیـــە، بەرپرســـانی یانەکەش هیچ پێوەندییان بەمنەوە نەکردووە، تاکو قســـەیەك لەســـەر ئەم بارودۆخە بکەین بۆ گەڕانەوە بۆ یانەکەیان.

*** تاچەند لەگەڵ هاتنی یاریزانانی عەرەبی بۆ یانەکانی کوردستان؟**

- مـــن زۆرجاری تر ئاماژەم بەوە داوە کە یاریزانانی کورد ئاستیان باشە، بەڵام هەتا قەیرانی دارایی نەهات، گرنگیی ئەم یاریزانە کوردانەیان نەزانی، ئێمە هەمیشـــە حەزمان بە یاریزانانی خۆماڵی و کورد نییە، بەڵکو دژایەتییان دەکرێت هەتا ســـەرنەکەوێت، من ئەگەر کاتی خـــۆی نەچووبامە شاری بەغدا و لە یانەکانی تەڵەبە و شورتە و هەڵبژاردەی ئۆلۆمپـــی عێراقی یاریم نەکردبا، پێـــش نەدەکەوتم، ئەوان گرنگی بـــە یاریزانی بـــاش دەدەن، بەڵام لە کوردســـتان هیواکانیان لە گۆڕ دەنێن.

*** ئەمســـاڵ یانەکانی کوردستان پشـــتیان بە یاریزانانی کورد بەســـتووە، تاچەند بڕوات وایە یانەکانی کوردســـتان دەتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن؟**

- دەبوایە زۆر لـــە مێژە ئەو کارەیان بکردایە، بەڵام ئەوان

# ـــــیی یاریزانە کوردەکانیان نەزانی




دواکەوتــــوون، بڕوا ناکەم بگەنە ئەنجامی باش، بەڵام هیوام وایە براکانم لە یانەکانی کوردستان کە یاری دەکەن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن.

*** بەهیوای چیت لە ژیانی وەرزشیت؟**

- هیوام کانـــم، بەهیوای ئەوەم ببمە ســـەرۆك یانە، یان جێگری یانە بۆ ئـــەوەی کاری باش بکەم، بەهیوای ئەوەم بگەمە هەڵبژاردەی عێراق، لەگەڵ یانەی گازی باکووریش بتوانم ئەنجامی شایستە پێشکەش بە دەست بهێنم.

*** هانـــدەری کام یانەیـــت لـــە عێـــراق و هەڵبژاردەی جیهانی؟**

- یانەی شورتەی عێراقی و هەڵبژاردەی بەڕازیل.

***بەچ یاریزانێك سەرسامی لەسەر ئاستی عێراق و جیهان؟**

- لە عێراق ئەحمەد ڕازی و لە جیهانیش ڕۆناڵدۆی بەڕازیلی.


*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**


- دەستخۆشـــی لـــە گۆڤـــاری گوڵان دەکەم، کـــە بەبێ جیاوازی وەرزشـــکارانی کوردســـتان بەسەردەکاتەوە لە سەرجەم قـــەزا و ناحیـــە و پارێزگاکان ئەگەر ئێـــوەش نەبوونایە ئێمەش دەنگمان بە خەڵك نەدەگەیشت.

دیمانە: کارزان کانەبی

# خوان ماتا : ئینگلتەرا رکابەرێکی بەهێزی یۆرۆی ٢٠١٦ دەبێت

لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی خوان ماتا روونیکردەوە هەڵبژاردەی ئینگلتەرا رکابەرێکی سەرسەخت دەبێت لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٦. هەروەها ئەو یاریزانە ئاماژەی بۆئەوە کردوە هەڵبژاردەی ئینگلتەرا هەڵبژاردەیەکی بەهێزەو پێکهاتەیەکی نموونەیی هەیە کە کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانای لەخۆ کۆکردۆتەوە، بۆیە پێشبینی دەکەم کە رکابەرێکی سەرسەخت و بەهێزی یۆرۆی فەرەنسا بێت وپیرۆزبایی سەرکەوتنیشیان لێ دەکەم بۆ جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٦ی فەرەنسا. لەلایەکی ترەوە ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتد و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا وەین رۆنی دووپاتیکردەوە دەیەوێت لەتۆمارکردنی گۆڵ بەردەوام بێت لەگەڵ هەڵژاردەی ئینگلتەرا بۆ ساڵانی داهاتوو بەتایبەت دوای بەدەست هێنانی نازناوی گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا. ئەمەو ڕۆژنامەی دەیلی مەیل لەزاری رۆنیەوە بڵاویکردۆتەوە لەو بڕوایەدام یاری زۆرم لەگەڵ هەڵبژارەی ئینگلتەرا ماوە، بۆیە مایەی شکستیە ئەگەر لە ٥٠ گۆڵ بوەستم، بەڵکو هیوام وایە زیاتر لە ٥٠ گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەکە تۆمار بکەم لەداهاتوو. هەروەها رۆنی وتی: جێی دڵخۆشیە کە گۆڵ لەیاریگای ویمبلی تۆمار بکەم، چونکە یاریگایەکی سەرنج راکێشە لەئینگلتەرا و جیهان بەگشتی.





# ئەلێگری:
# ئەو وەرزە بۆ ئێمە لە ئێستاوە دەست پێ دەکات

یانەی یۆڤانتۆس پاڵەوانی ٤ وەرزی ڕابردووی خولی کالچیۆی ئیتالیا لە دوو یاری ئەو وەرزە لە بەرامبەر یانەکانی رۆما و ئۆدینێزیدا تووشی شکست بوو . زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی ئەو وڵاتە لە سەر ئەو باوەڕە کۆکن کە هۆکاری ئاست نزمی یانەی خانمە پیرەکە لەو وەرزە دا ڕۆیشتنی پیرلۆ، تێڤێز و ڤیدال بووە . ماکسێملیانۆ ئەلێگری ڕاهێنەری یانەی یۆڤی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی خستەڕوو کە : حەز دەکەم ئەو دوو یاریە لە بیر بکەم، چونکە خولی کالچیۆ لە ئێستا بە دواوە بۆ ئێمە دەست پێ دەکات، نازانم لە داهاتوو دا چ ڕوودەدات، بەڵام ئێمە بۆمان نیە لە دوای دوو شکست خۆمان بە دەستەوە بدەین، راستە دوو هەفتەی زۆر سەخت و ناخۆشمان تێپەر کردوە . لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئەو ڕاهێنەرە باس لەوە دەکات کە هۆکاری شکستەکانیان ئەوە بووە کە یانەکەیان لەو وەرزە دا ١٠ یاریزانی نوێ هێناوەتە ریزەکانی خۆیەوە ئێمە دەبێ بە خێرایی هەستینەوە، چونکە لە داهاتوویەکی نزیك دا خولی چامپیۆنزلیگیش دەست پێ دەکات و لە ئێستا دا یانەکانی رۆما، میلان و ئەنتەر خۆیان بەهێز کردووە بۆ ململانێ کردنی ئێمە، بۆیە یوڤی دەبێ بە پێشکەش کردنی ئاستێکی بەرز پارێزگاری لە نازناوی خولی کالچیۆ بکات.

# سەرۆکی هەرێمی کەتالۆنیا:
# دەرچوونی بەرشلۆنە لە لالیگا کۆتایی هاتنی خولەکەیە

سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا ئەرتور ماس سەبارەت بە دەرچوونی یانەی بەرشلۆنە لەخولی لالیگا لەئەگەری راگەیاندنی سەربەخۆی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا لەماوەی داهاتوو دوا. ئەمەو پێگەی سەنترال دیڤنسیای سەر بەریال مەدرید لەزاری سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا بڵاویکردۆتەوە کە ناوبراو دووپاتیکردۆتەوە راگەیاندنی سەربەخۆی هەرێمی کەتەلۆنیا کاریگەری نابێت بەسەر خولی ئیسپانیا، بەڵکو یانەی بەرشلۆنە درێژە بەکاروانی خۆی دەدات لەلالیگا. هەروەها سەرۆکی کەتەلۆنیا ئاماژەی بۆئەوەکردوە هەمیشە خولی ئیسپانیا پێویستی بەرکابەری و ململانێی بەهێز هەیە، بۆیە دەرچوونی بەرشلۆنە لەلالیگا ئەوە بەمانای کۆتایی هاتنی لالیگا دێت، چونکە خولی ئیسپانیا بەبێ یاری نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید درێژەی نابێ. لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئەرتور ماس دووپاتیکردەوە بەرشلۆنە هیچ نامەیەکی سیاسی هەڵنەگرتووە، بەڵام جەماوەرەکەی هەردەم بەرگری لە ناسنامەی کەتەلۆنیا دەکەن وەك هەرێمێکی سەربەخۆ و ئەمە ئارەزوویەکی جەماوەرە بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکە. لەکۆتایی قسەکانیدا سەرۆکی کەتەلۆنیا داوای لە گەلی کەتەلۆنیا کرد لەکاتی سروودی نیشتیمانی ئیسپانیا رێز لەسروودەکە بگرن و پابەندبن بەگیانی وەرزشی.






# دوو یانەی کوردی دەبنە نوێنەری عێراق لە پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێزی یانەکانی عەرەب

## یانەی وەرزشی سلێمانی بڕی ٢٠٠ملیۆن دینار قەرزارە

لەگـەڵ ئەوەی لە ئێسـتادا قەیرانی دارایی سـەرجەم جومگەکانی گرتۆتەوە لە هەرێمی کوردستان، بواری وەرزشیش بەدەر نەبووە لەم قەیرانە داراییـەی کە لە ئێسـتادا یەکێتیی تۆپی پێی کوردسـتان بڕیاری بە مەرجی وەرگرتنی مینحەی وەرزشی داوە لەسەر وادەی دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە دەبێت لە ٢٠ی مانگی ١١ی ئەمساڵ دەسـتپێبکات. بەڵام زۆرێك لە یانەکانی کوردستان تاکو ئێسـتا هیچ تیپێکیان کۆنەکردۆتەوە بۆ بەشـداریکردن لە وەرزی نوێی کێبڕکێیەکانی خولەکە، یانەی سـلێمانیش یەکێکە لەم یانانەی کە تاکو ئێستا وادەی دەسـتپێکردنەوەی مەشق و کۆکردنەوەی یاریزانانی دیاری نەکردووە و هیچ ڕاهێنەرێکی بۆ تیپی کوردستانیش دەستنیشان نەکردووە، جێگری سەرۆکی یانەکەش ئاماژەی بەوە داوە کە وەرزش بە بێ پارە بەڕێوە ناچێت و وتیشـی: ئێمە بڕی ٢٠٠ملیۆن دینار قەرزاری یاریزانانین، لە بارەی ئەم بڕە پارەی کە قەرزارن و ئامادەکارییەکانیان بۆ خولەکە، هەردە ڕەئوف جێگری سـەرۆکی یانەی وەرزشی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: تاکو ئێستا هیچ ئامادەکارییەکمان نەکردووە بۆ تیپی تۆپی پێی یانەکەمان بۆ خولی نایابی کوردسـتان، ئەم قەیرانە داراییەشـی هەموو هەموو لایەکی گرتۆتەوە هەتـا بگرە کاری بازرگانییەکانیش بە هەمان شێوەی ئێمە دووچاری قەیران بوون، لایەنی پێوەندیداریش لە پارێزگاری شارەکەمان هاوکاریی تیپەکەی ئێمەیان نەکردووە، ئێمە زیاتر لە ٢٠٠ملیۆن دینار قەرزی یاریزانانمان لا ماوە هی گرێبەستەکانی ساڵی ڕابردوو، بۆیە ئەگەر تیپەکە کۆبۆوە، دەبێت گرێبەست و مووچەکانیان بۆ دابین بکەین، بـەوەش ئێمە زیاتر بارمان قورس دەبێت، بـەڵام ئەگەر تیپی تۆپی پێی یانەکەمان گەیشـتە ئەو ڕادەیەی کە دەتوانن بە مووچەیەکی کەم یاری بکەن، ئەوە دەسـت بە ئەویش دەکەینەوە، هەردە وتیشـی: ئێمە جگە لە تیپی تۆپی پێی سـەرجەم تیپەکانی ترمان بەردەوامن لە چالاکییەکانیان بەهیوای ئەوەشین هاوکاریمان بکەن .






دوای ئەوەی لە شاری بەغدا بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی سەرمێزی عێراقی و بە بەشداریی ژمارەیەك لە یانەکانی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەکانی شارەکانی عێراقی، تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانی دوای بەدەستهێنانی حەوت سەرکەوتنی یەك لە دوای یەکی لە پاڵەوانێتییەکە، بووە پاڵەوانی خولی تۆپی سەرمێزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی، بەم ئەنجامەش کوڕانی شاری سلێمانی شان بە شانی کچانی پێشمەرگەی سلێمانی کە پلەی دووەمی ئاستی کچانیان بەدەست هێنا لەگەڵ هەردوو تیپی سناعە و جەیش دەبنە نوێنەری یانەکانی عێراق بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێزی یانەکانی عەرەب کە بڕیارە لە مانگی ١١ی داهاتوودا لە هاوینە هەواری شەرمئەلشێخ لە وڵاتی میسر بەڕێوە بچێت. تیپی تۆپی سەرمێزی یانەکەش بەبەشداریی چوار یاریزانی کوردی شارەکانی کوردستان بەشداریی کێبڕکێیەکانی کردبوو توانی ئاستێکی بەهێز پێشکەش بکەن. لە بارەی بەشداریکردنیان لە پاڵەوانێتیی عەرەب سەیفەدین فەتاح ڕاهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشیی سلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: ئێستا سەردەمی زێڕینی تۆپی سەرمێزە لە شاری سلێمانی کە خاوەن ئاستێکی بەرزن لەم یارییەدا، ئێمە دوای ئەوەی توانیمان نازناوی تۆپی سەرمێزی کوردستان بەدەست بهێنین، ڕاستەوخۆ بەشداریمان کرد لە پاڵەوانێتیی پارێزگاکانی عێراق و دواتریش خولی نایابی سەرمێزی عێراقی، ئەوەش بۆ ئێمە زۆر باش بوو، بڕیاریشە لە مانگی ١١ی ئەمساڵ لە وڵاتی میسر بەشداریی پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبیش بکەین، ئامادەکاریی بۆ ئەم پاڵەوانێتییەش دەکەین، بە یاریزانانی کوردی شارەکەمان بەڵێنی ئەنجامی شایستە دەدەین بۆ شاری سلێمانی و ناوی سلێمانیش لە ئاسیا و جیهانیش بەرز دەکەینەوە، بەهیوای ئەوەین بەرپرسانی وەرزشی هاوکاریی یانەکەمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین بە پاڵەوانی بمێنینەوە.

# پاڵەوانی عێراق بەشداری خولی نایابی فوتساڵی عێراق ناکات

لەگەڵ ئەوەی تیپی فوتساڵی کچانی ئافرەتانی هەولێر وەرزی ڕابردوو نازناوی خولی فوتسالی یانە پلە نایابەکانی عێراقی هێنایەوە پایتەختی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا ئەم تیپە ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراق نەکردووە و بڕیاری ئەوەشیان داوە کە بەشداری هیچ یارییەکی خولی عێراق ناکەن بەهۆی ئەم گرفتە قولەی دارایی کە دووچاری یانەکە هاتووە، ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکەش هەڕەشەی جێهێشتنی تیپی فوتساڵی یانەکەیان کردووە. لەبارەی هۆکاری بەشداری نەکردن لە خولی عێراق و ڕۆیشتنی ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: بارودۆخی تیپەکە لەوپەڕی خراپیدایە، چونکە کۆمەڵێك گرفت دەوری تیپی ئافرەتانی هەولێری داوە، وەك نەبوونی مووچە و گرێبەست و یاریگا ئەوانە هەمووی هۆکارن کە تیپەکە روو لە خراپییە، ئەم بارودۆخە خراپەی دارایی وای لە ئێمە کردووە کە پاڵەوانی خولی عێراقین بەشداری خولی فوتساڵی نایابی عێراقی نەکەین، تەنیا بەشداری لە خولی کوردستان دەکەین ئەوەیش لەبەر ئەمەیە تەنیا دانەبەزین بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، بۆیە بەرنامەیەك دادەنین بۆ ئەوەی مەشق بکەین بۆ خولی کوردستان، هیچ کەسیش هاوکاری نەکردووین، جگە لە سەرۆکی یانەکەمان کە ئەو زۆر لەگەڵ تیپەکە ماندووە.» لە بارەی ڕۆیشتنی یاریزانانی یانەکەش، مەزن گوتی: «ئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی بەردەوام بن، بەڵام ئەوان داوای مافی خۆیان دەکەن و نەڕۆیشتوون، بەڵام لەم چەند رۆژەدا چەندین یاریزانمان ریزی تیپەکە جێدەهێڵن بە ئاشکرا ئەوەیان بە ئێمە گوتووەو داوای مافی خۆیان کردووە، ساڵی ڕابردوو بۆ ماوەی شەش مانگ نیوەی مووچەکانمان وەرگرتووە، ئەمە بۆ نۆ مانگیش دەچێت هیچ مووچەیەکمان وەرنەگرتووە، بەم بارودۆخە خراپەش ناتوانین هیچ ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین لە خولی نایابی کوردستانیش، بۆیە داواکارین بەرپرسانی شارەکە هاوکاریی تیپەکە بکەن و بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکاندا ناوی هەولێر بە بەرزی بهێڵینەوە.

